# ژن بە ژنی کارەساتی لێدەکەوێتەوە

ئا: محەمەد عەبدولعەزیز

کێشەیەکی ژن بە ژنی دەبێتە هۆی کوشتنی دوو کەس، کە یەکیان تەنیا ناوبژیوان بووە و تاوانبارێکیش بەهۆی کوشتنی زاواکەی و کوڕی موختاری گوندەوە لە سێدارە دەدرێت.

ئەم کێشەیە لە ساڵانی ڕابردوو لە یەکێك لە گوندەکانی سەر بە قەزای دهۆك ڕوویداوە، دوو خێزانی سەر بە یەك تیرە پرۆسەیەکی ژن بە ژنییان ئەنجامداو هەریەکیان ژنێکی دایە خێزانەکەی تر بۆ ئەوەی پێوەندییان پتەوتر بێت، بەپێی وتەکانی شاهیدێك کە لە دادگا ئامادە بوو، دوای تێپەڕ بوونی سێ ساڵ، پیاوێکی یەکێك لە دوو خێزانەکە بە ناوی (جەمیل) کە ژنی هێناوەو خوشکی خۆیشی داوە بە کەسێکی دیکە بە ناوی (دیار)، لەگەڵ هاوسەرەکەی دەبێتە شەڕیان و دەکەوێتە گیانی هاوسەرەکەی و زۆری لێدەدات، دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێك، هاوسەری (جەمیل) زیز دەبێت و دەچێتەوە ماڵی باوکی و بە (جەمیل)یش دەڵێ: من ناگەڕێمەوە و دەبێ تەڵاقم بدەی، چونکە ژیانی منت کردۆتە دۆزەخ.

(جەمیل) هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی هاوسەرەکەی بگەڕێتەوە ماڵەوە، بەڵام گشت هەوڵەکانی بێ ئاکام بوون، بۆیە بڕیاریدا کە خوشکەکەشی پێویستە بگەڕێتەوە ماڵی باوکی و نابێ لەلای هاوسەرەکەی واتە برای هاوسەری خۆی بمێنێتەوە، چونکە هەردووکیان بە ژن بە ژنی پرۆسەی هاوسەرگیرییان پێکهێناوە، بەڵام خوشکی (جەمیل) بەم بڕیارە ڕازی نابێت کە بگەڕێتەوە ماڵی باوکی و پێی دەڵێت: من ناگەڕێمەوە ماڵی باوکم، چونکە ژیانی زۆر خۆشە و هیچ پێوەندیم بە ژیانی تۆ و هاوسەرەکەتەوە نییە.

بەپێی وتەکانی شاهیدێك کە لە دادگای تاوانەکان ئامادە بوو، دوای تێپەڕبوونی ١٥ ڕۆژ لە دروستبوونی کێشەکە، لە شەوێکی ساردی زستانیدا (جەمیل) بڕیاریدا لەگەڵ برایەکی تری بچێتە سەر ماڵی خوشك و زاواکەی، کاتێك نزیك ماڵەکە دەبێتەوە، کوڕی موختاری گوندیش کە بەم مەسەلەیەی زانیوە وەك ناوبژیوانێك لەگەڵ (جەمیل) دەچێتە ژوورەوە، بەڵام لەناکاو(دیار)ی هاوسەری خوشکی (کە تاوانبار دەبێت لەم کێشەیەدا) ڕووی دەمانچەکەی دەکاتە (جەمیل) و بریندار دەکات و کوڕی موختاری گوندیش کە دوو گوللەی بەر دەکەوێت یەکسەر لەوێ دەکوژرێت، (جەمیل) بە برینداری ڕای کرد و براکەش کە لە دوورەوە چاوەڕێی دەکردو (دیار)ی زاوایان بە دوایاندا دەچێت و تەقەیان لێدەکات، هەروەها ئۆتۆمبیلەکەیان کە لە جۆری مازدایە لەکار دەخات، بۆیە نەتوانرا (جەمیل) بگەیەنرێتە نەخۆشخانەو لەبەر خوێنبەربوونێکی زۆر و سەختی برینەکانی ئەویش لەوێ گیانی لە دەستدا.

دوای ڕووداوەکە و بەپێی قسەکانی خۆی (دیار) هەڵات و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك خۆی ون کرد و چەندین هەوڵی جیاجیای دا بۆ ئەوەی بچێتە دەرەوەی وڵات، بەڵام گشت هەوڵەکانی بێهوودە بوون و ئەم دەرفەتەی بۆ نەڕەخسا، بۆیە دوای ١٠ ڕۆژ خۆی دا بەدەست هێزەکانی پۆلیسەوە.

لە دادگا هاوسەری کوڕی موختار کە ناوبژیوان و بەبێ گوناهی کوژراوە، سکاڵای لە تاوانبار کرد و داوای قەرەبوو کردنەوەی لێ کرد، چونکە شەش منداڵی هەیەو بێ سەرپەرشتیار ماونەتەوە، بەڵام هاوسەری (جەمیل) کە خوشکی تاوانبارەکەیەو دایکی دوو منداڵە داوای قەرەبووی نەکرد، لە کۆتاییدا دادگای تاوانەکان بەپێی ماددەی ٤٠٦ لە یاسای سزاکانی عێراق بڕیاری دا بە لەسێدارەدانی تاوانبار (دیار) و ئێستا لە زینداندایە لە شاری دهۆك چاوەڕێی جێبەجێکردنی حوکمەکە دەکات.

هەرچەندە دیاردەی ژن بەژنی لە ساڵانی ڕابردوودا لە شاری دهۆك ڕووی لە کەمبوونە، بەڵام تا ئێستا هەست بە بوونی شوێنەواری سلبییەکانی ئەم دیاردەیە دەکرێت، بەپێی وتەی دادگای دهۆك ئێستاش ساڵانە شەش تا هەشت حاڵەتی کێشە لەسەر ژن بە ژنی دەگەنە دادگا و زۆریشیان گرفت و کێشەی زۆر گەورەی لێ پەیدا بووەو گەیشتۆتە حاڵەتی کوشتن.



# کێشەو گرفتەکانی ئافرەتانی کورد لە ئەوروپا





**ئافرەتانی کورد هەر لە کوردستانەوە کۆمەڵێك کێشەو گرفتیان هەیە، کاتێك کوردستان جێدەهێڵن واهەست دەکەن لەدەست کێشەکان ڕزگاریان دەبێت، بەڵام کاتێك دووردەکەونەوە لە وڵاتانی بیانی ژیان بەسەردەبەن لەوێش کێشەکان بەجۆرێکی تر ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.**

**سەبارەت بەم باسە بەپێویستمان زانی لە ڕێی تەلەفۆن و ئیمێڵەوە ڕاو بۆچوونی چەند ئافرەتێك لەدەرەوەی کوردستان وەربگرین بۆئەوەی بزانین ژیانی ڕۆژانەیان چۆن بەسەردەبەن .**

کێشە کۆمەڵایەتیەکان دەهێننە ئەوروپا

دڵگەش عومەر ئافرەتێکی تەمەن ٤٣ساڵە خەڵکی کەرکووکە ماوەی ٢١ ساڵە لە نەرویج دەژیت و خاوەن ٣ منداڵە لە هاوسەرەکەی جیابۆتەوە، ئەو ئافرتە دەڵێت» ئێمەی کوردەکان کە دێینە ئەوروپا کێشە کۆمەڵایەتیەکانیش لەگەڵ خۆمان دەهێنین، لێرە کێشەکان قورسترە بۆ ئافرەت، چونکە پیاوی کورد لە دەرەوەش ناتوانێ ئەوە قبوڵ بکات کە ئافرەتەکەشی هەمان ئەو مافەی هەیە کە ئەو هەیەتی، زۆری پیاوانی کورد ئەو داب و نەریتەی لە کوردستان هەیە،کە دێنە ئەوروپا لەبەرامبەر ژنەکانیان توندتر وەریدەگرن، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەبێت ئەوە جیابکەینەوە کە هەندێك ژن و پیاوی کورد هەیە لە ئەوروپا ژیان بەسەردەبن و کەسانی زۆر بەختەوەرو هۆشیارن، ئافرەتەکان بەهیچ جۆریك کێشەیان بۆ دروست نابێت لەلایان پیاوەکانیانەوە» ئەو ئافرەتە دەڵێت»لێرە هەرکەسێك گەیشتە تەمەنی ١٨ ساڵی ئیتر کومەڵێك ئەرك و مافی هەیە.

بەداخەوە ئافرەتی کورد هەوڵ نادات هەموو مافەکانی بەدەست بێنێت و بەردەوام هەوڵدەدات لە ژێر دەستی پیاو بمێنێتەوە، ئەوەش بەکەمتەرەخەمی لە لایەن ئافرەتەکانەوە دادەنرێت کە خاوەنی هەڵویست نین و متمانەیان بەخودی خۆیان نییە»

دڵگەش ئەوەش دەخاتەڕوو کە ئافرەتی کورد لە ئەوروپا تووشی کێشە دەبێت بەتایبەتی ئەو ئافرەتانەی کە لە کوردستان زۆر ئازاد نەبوونەو بۆ ئازادی شوو دەکەن کە دەگەنە ئەوروپا ئەو ئازادییەی لەوێ دەستیان دەکەوێ تووشی هەڵەیان دەکات، یاخود ئافرەتەکان تووشی هەڵەی دەروونی دەبن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کاتێك پیاوەکانیان بە ئاسانی قبوڵی کۆمەڵگای ئەوروپی دەکات ئەوکات ئەو ئافرەتە وای لێدێت بیربکاتەوە لەوەی کە ئەو پیاوە ئایا خیانەتی لێدەکات یان نا».

لە دەرەوە پیاو بەکەمی ناپاکی دەکات چونکە کچ پێوەندی لەگەڵ پیاوی بەخێزان دانانێت

جوان ناسیح لەدایك بووی ١٩٧٥ ئەکادیمیای بەغدای خوێندووەو لە ئیسپانیا دەژیت، خێزاندارەو خاوەنی دوو منداڵە لەوڵاتی هۆڵەندا نیشتەجێیەو دەڵێت» لێرە ئافرەت ئازاروکێشەی هەیە. وەکو ئەوە نییە کە لەکوردستان هەیە چونکە یاسا زۆر زاڵەو کەس ناناسێت و بەردەوام پشتگیری ئافرەت دەکات چەند جارێکیش ئافرەتی لێ کوژراوە، گیروگرفتی سەرەکی مەسەلەی باری ئابووری و سەربەخۆیی ئافرەتانە، هەروەها کە ئافرەت دەگەنە ئەوروپا دەست بەرداری یەکتر دەبن لەگەڵ هاوسەرەکانیان هەروەها لێرە پیاو زۆر بەکەمی ناپاکی دەکات چونکە کچ لێرە واتە ئەو کەسەی بەرامبەر پیاوەکە ڕازی نابێت پێوەندی لەگەڵ پیاوێك هەبێت کە خێزانداربێت، هەروەها کاتیش زۆر گرینگە، کاتی ئەوەی نییە ناپاکی بکات. لێرەکوشتنی کچی کورد زیاتر لەسەر ئەوەیە کە پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ئەوروپییەك هەبێت و دەربچێت لەگەڵی و دووگیان بێت یان پێوەندی لەگەڵ ڕەش پێستەکان هەبێت لەلایان ئیسپانیەکانیش توندوتیژی بەکاردێنن و ئافرەت دەکوژرێت، بەڵام لەسەر ناپاکی نەوەك لەسەر شەرەف ئەوان ناوی ناپاکی لێدەنێن نەوەك شەرەف. لەلایانی یاساوە خەڵك هەمووی زۆر بەجوانی یاسا پەیڕەودەکەن و لێرە یاسا دەڵێت ١منداڵ ٢ ئافرەت ٣ ئاژەڵ ٤ پیاو بەڵام هەندێ لە خێزانەکان بە هەمان ئەو جۆرەی لەکوردستان مامەڵە لەگەڵ خێزانەکانیان دەکەن، بە هەمان جۆرەوە بەتوندڕەوەی مامەڵە دەکەن، بۆ نموونە» ئێستا من ٣ خێزانی هەولێری دەناسم باوکیان زۆر توندڕەون و وای کردوە کچ و کوڕەکانی بەنهێنی زۆر هەڵسوکەوتی سەیر بکەن، چونکە باوکیان بەردەوام بەخراپی مامەڵە دەکات و دەڵێت ژن نزمترە لەپیاو، لە ئەوروپا پیاوەکان هیچ قبوڵیان نییە کچەکانیان بچێتە ئاهەنگ یان جگەرە بکێشێت یان خۆشەویستی بکات لەسەر شێوازی ئەوروپی یان لەجلوبەرگ یا بچێتە مەلەوانی و هاوڕێی کوڕی هەبێت یا دەرەنگ بێتەوەماڵەوە، ئەمانە هەمووی دەبێتە کێشە لە پەروەردەکردنی منداڵ».

ئەو ئافرەتە باس لەوەدەکات کە کێشەیەکی گرینگ هەیە لە کاتێکدا پیاوەکان دەگەڕێنەوە کوردستان لە تەمەنێکی گەورەن، کچێکی تەمەن بچووك دەخوازن، دوای ئەوەی کە دەیهێنێتە دەرەوە ئەو کچە دەبینێت ئەو پیاوە حەزوئارەزوەکانی ناهێنێتەدی، ئیتر تووشی خیانەت یان جیابوونەوە دەبێت ئەویش بەهۆی ئەو ئازادییەی لێرە بۆ ئافرەتان هەیە.

وەکو ئافرەتێکی کورد کەلتوری کوردەواریم بیرنەچووەتەوە

سۆزان عبدالله ئەو ئافرەتەی ١٤ ساڵە لە سوید دەژیت و خاوەنی ٣ منداڵە خۆی و هاوسەرەکەی لە سوپرمارکێتێك کاردەکەن و دەڵێت» وەکو ئافرەتێکی کورد لێرە تووشی ئازاری زۆربووم وەکو ئەوەی سەرەتا لێرە دەژیام نەمدەتوانی وەکو ئەو خەڵکەی ئێرە بیربکەمەوە و هەڵسوکەوت بکەم و بۆخۆم و بخۆمەوە دوای ئەوە من لەگەڵ ئەو خەڵکەی ئیرە ڕاهاتم و توانیم ئاشنا بم بە کەلتوور و داب و نەریتی ئێرە. بەڵام لەبەرئەوەی من هەر لەکوردستانەوە گەورە بووم، بۆیە زۆر داب و نەریتی کوردی هەیە لە دەستم نەداوەو بیرم نەچووەتەوە، کێشەی من بەردەوام لەگەڵ مێردەکەم و منداڵەکانمە، چونکە ئەوان لە سوید گەورەبوون، هەموویان هەڵسوکەوتیان وەکو منداڵی ئەو وڵاتەیە، مێردەکەشم بەردەوام شەڕێتی لەگەڵیان و قبوڵی نییە وەکو ئەوان هەڵسوکەوت بکەن و جلوبەرگ بپۆشن.



ئا: سانە


# بە نەمانی خۆشەویستی نێوان ژن و مێردێک، شیرازەی خێزانێکی تر دەپچڕێت

کاتێك شیرازەی خێزان دەپچڕێت، لەو نێوانەدا تەنیا منالە، کەچارەنووسی خۆڵەمێشی دەبێت، نەبوونی خۆشەویستی لە نێوان ژن و مێرددا وا دەکات، سۆزو عاتیفەو چێژو گونجان لە کونجی فەرامۆشیدا بزر بێت، ئـــەوکات لەبری بەهاجوانەکان، هەردوولا؛ بە گومان و دڵپیســـییەوە دەکەونە بیرکردنەوە لەسەر ئەوەی چـــۆن فێڵ لەیەکتری بکەن، بۆیە پیاوەکە ڕۆژانە لە فکری ئەوەدا دەبێت چۆن کچان و ژنانی تر لەخشـــتەبەرێت و هێندەی قەبارەی کێڵگەیەکی چاندنی ڕووەکی خشخاش هەستی قەدەغەکراو لە ناخی خۆیدا بەرهەم بێنێـــت، ئیتر دوای چەندین جار کەشـــف بوونی ئەم هەســـتە، ژنەکەشی وەکو تۆڵە؛ چەکێکی وردبینی بەرگریکردنی لە هەست و سۆزی خۆی لێ هەڵدەبڕێت، دەکەوێتە غایلەی دۆزینـــەوەی کۆنـــە دڵدارێکی خۆی کە پێشـــتر قەدەر بە نســـیبی یەکتـــری نەکردون، هەم حەزی بینینـــەوەی دڵدارەکۆنەکەی دەیبزوێنێ و هەمیش تۆڵەکردنـــەوەی لە ئەتواری نامۆو ســـەرچیغی مێردەکەی؛ ئەم دوو شتە پێکەوە هاندەری دەبن بۆ دۆزینەوەی شتێك لە گیرفانی شوێنێکی هەڵەدا، چونکـــە هاوســـەرگیرییەکەیان وەك دۆڵابێکـــی داخراوی لێهاتووەو چیتر هەناســـەی تێدا نادرێت، سەرەڕای یەك ســـەرینی و یەکجێگەیی و پێکەوە نووسانی دووجەســـتەی بێزارلەیەکتر، کەچی هەر یەکەیـــان خەیاڵ و حەزو هۆگرییەکانی بەجێماوی دوورگەیەکە، ئۆقیانووسێك مابێنیانەو بە هەزاران فەرسەخ لە یەکەوە دووریان دەخاتەوە...

نەبوونی خۆشەویســـتی وای لەم دووانە کرد هەر یەکەیان وێڵانـــە بـــەدوای دەروازەیەکدا بگەڕێت تاحەزو مەراق و خۆشییەکانی خۆیانی دوورلەوی تر تێدا تام بکەن، کاتێك بەهای خۆشەویســـتی لە نێـــوان ژن و مێرددا بلەقێت ئیتر هەموو بەهاکانی تر بەسەر یەکتردا دادەڕمێن، گرفتی گەورەی ئەم ژن و مێـــردە وەك گرفتـــی ئـــەو ژن و مێردانەیە کە تا ســـەر ئێســـك بێزارن لە یەکتری و ناشتوانن بڕیـــاری جیابوونەوە بـــدەن، یەکەمین هۆکاریش بۆ جیانەبوونەوەیان، بوون و خستنەوەی ئەو منالانەیە کە بە جیابوونەوەی دایك و باوك سەرگەردان دەبن...!!

ئەم دووچەسپەدوقلیە ئێکسپایەرە هەرگیز یەکنا گرن، چونکە بەدرۆ چرکەساتەکانی ژیانیان قوڕمیشکراوە، خانووە مۆدێرنەکەشیان ئەو زیندانە نەریتپارێزەیە کە لەلایەن حوکمی قەدەرەوە سزای پێکەوەژیانی ئەبەدی بۆ هەردوکیان تێدا دراوەو شیرینیەکانیشیان بە تفت و تاڵی نۆش دەکەن، هەردووکیان لەڕووی سێکسیەوە وەك بەفر بۆ یەکتر ساردن، بەڵام بەرژەوەندی خۆیان و چارەنووســـی منالەکەیان وا دەخوازێت لەیەکتری جـــودا نەبنەوە، ئاخر لەوە بێ ئاگان کە هەر ڕۆژێك بێـــت نهێنیە پـــڕ حەســـرەتییەکەی هەریەکیان بۆ ئەوی تر ئاشـــکرا بێت و ئەوکات ڕەنگە کارەساتی گەورەی لێ بقەومێت و منالەکەشـــیان بەیەکجاری چارەنووســـی ڕەش قەترانی بێت، ئەمە بەدیهییە؛ کە دووپات بوونەوەو چەقبەســـتنی چرکەساتەکانی ڕۆژانە جۆرێك لە نۆستالژیا دەخولقێنێت لە نێوان ژن و مێرددا، بۆیە لە حاڵەتی وادا پێویســـتە هەردوولا ئاراســـتەکانی بیرکردنەوە کارو ڕەفتاری ڕۆژانەیان لەگەڵ یەکتر بە شـــێوازێك بگۆڕن کە سەلامەتی هاوســـەرایەتییان ڕابگرێت، ئەگەرنا ســـەلامەتترە ڕێگەچارەیەکی گونجاوو ئارام بدۆزنەوە بۆ دەســـت لێکبەردان، ئەم چارەســـەر تاڵە زۆر باشـــترە لەوەی بگەنە ئاســـتی پیلانگێڕی لەسەر یەکتری، ئەوەتا ژنی ئـــەم پیاوەی کە بـــەردەوام خەریکە بەکچانی ترەوەو لە ڕێی مۆبایلەوە پێوەندی کردۆتەوە بەکۆنە یارێکی خۆیەوەو هەر بەمەســـیج ناردن و دواتر دوو ســـێجار یەکتر بینینیان لەشـــوێنە گشتییەکانەوەی هاتۆتەسەرو قوڕێکی خەستی بۆ کۆنەیاری خۆی گرتۆتەوەو شـــیرازەی ماڵی ئەوی تێکداوەو ئینجا ئەویش نەك منالێـــك بەڵکو کوڕوکچێکی هەیە کە لـــە قۆناغی زانکۆدان، بـــۆ نەهامەتی ڕۆژێکیان ژنخوشـــکەکەی؛ لەپارکێـــك هەردوکیانی بینیوە کە بە گەرمییەوە دەســـتیان لە دەســـتی یەکتردا بووە، ئیتر ئەم ژنخوشکە هەڵەپاسەی بەهەڵەداوان خـــۆی گەیاندۆتە خوشـــکەکەی خـــۆی و لە قەبارەی خۆی دیمەنەکـــەی گەورەتر کردۆتەوەو هەڵـــڵاو قاوێك دروســـت بووە هەر مەپرســـن، تا کار گەیشـــتووە بە تۆران و قســـە بەیەکتروتن و کەڵکەڵەی لێکجیابوونەوە تەواوی مێشـــکی ئەو ژن و مێردەی خێزانی دووەمـــی گرتووە، تومەز ئـــەم خێزانەش هەر لە بنەڕەتـــەوە خۆیان لەیەکتر بەمەهانـــە بـــوون و پێکەوە نەگونجاون، لەســـەر هەموو شـــتێك هـــەر دەمەبۆڵەو هـــات و هاوارو شـــەڕیان بووە، پیاوەکە لە درێژایی هەموو ژیانی هاوســـەرێتیدا دەســـتی ئەم ژنەی خۆی بۆ یەك جاریش چییـــە وا بە ڕۆمانســـیەتەوە نەگرتووە، کەچی ژنەکەی خۆی ئێســـتا لێی دەبیستێتەوە کە دەستی لە دەستی ئافرەتێکی غەوارەدایە و بە بەرچاوی خەڵکەوەو بەوپەڕی تەحەددییەوە بەناو گوڵزارەکانی پارکێکەوە وەك دوو پەپوولەحاجیلە ئەم چڵ بۆ ئەو چڵ دەکەن، ئیتر چۆن حەوســـەڵەی تێـــدا بمێنێت و گومان و گڕکانی تووڕەیی دڵ و دەروونی نەکرۆژێت..

لە ئاکامدا بارکردنی خۆشەویستی لە ماڵی یەکەم، داروپەردووی ماڵی دووەمی بەسەریەکدا ڕووخاندو هەفتانـــە ژن و مێردی دووەم بـــۆ جیابوونەوە لە هاتوچووی بەردەم قازی و توێژەری کۆمەڵایەتین و خێزانەکەی تریش ڕۆژانە هەر لەســـەر فروفێڵ و درۆ کـــردن لەگەڵ یەکتـــر بەردەوامن، چونکە زۆر شەیتان و قوڕمساغن بۆ حاڵی پڕ لە درۆی خۆیان، ناهێڵن منالەکەیان بە جیابوونەوەی خۆیان سەرگەردان بێت و لەولاشەوە قوڕێکی خەستیان بۆ کوڕوکچـــی ئەو پیاوەی خێزانی دووەم گرتۆتەوەو ناشزانرێت سەری چەند منالی خێزانانی تری پێ سواغ دەدرێت..؟!!



ئامادەکردنی: کاندیش

ئا: ساند

# ئــەو بنەمـــایـانەی بۆ هاوسەرگیری گرنگن



کــورِ یاخود کچ هەمیشــە پێش پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری بەســەر تابلۆی خەیاڵی خۆیەوە نیگاری ئەو کەسە دەکات کە دەیەوێت لە دوارِۆژدا ببێت بە هاوســەری وەکو دانانی خەسڵەتی جوانی و رِەوشت و ئاستی رِۆشنبیری وئایین و..تاد.

لــە نێو پرۆســەی ژیانــی رِۆژانەدا وبە حوکمی تێکەڵاوبوونــی کۆمەڵایەتی کچ یان کورِ هەمیشە لە بۆسەدا خۆی دەبینێتەوە، هەر کاتێك هەستی کرد کە کەســێك لە بەرچاویدا هەیەو زۆربەی ئەورِەوشــت وتایبەتمەندییانەی کە لەســەر تابلۆ خەیاڵییەکەی کێشــاویەتی لەو کچــە یان ئەو کــورِە خۆی بەرجەســتە دەکات، هەوڵدەدات لێــی نزیك بێتەوە و ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ پێك بێنێت.

## جیاوازی ئایینی بەلامەوە گرینگ نەبوو

موراد سەفار گەنجێکی تەمەن ٣٣ ساڵە، ٢ ساڵە لە بەریتانیا گەرِاوتەوە، هەر لەوێ لەگەڵ کچێکی مەســیحی، ژیانی هاوســەرگیری پێکهێناوە، کچەکە بۆتە موســڵمان و ئێستاش لە هەولێر دادەنیشــێت، موراد دەڵێت» سەرەتا من هیــچ پێوەندیم بە ئاینی ژنەکەمەوە نەبوو، بەلاشــمەوە گرینگ نەبوو پەیرِەوی چ ئاینێك دەکات، گرینگ ئــەوە بوو لەگەڵی دەگونجام و خۆشمدەویســت دواتر خــۆی برِیاریدا ببێت بەموســڵمان ئێســتاش ژیانێکی زۆر خۆشمان هەیەو بەبێ کێشە دەژین»

گۆڤار گەردی کورِێکی تەمەن ٢٤ ساڵانە قوتابــی پەیمانگای تەکنیکییــە ئەو دەڵێت» من دەمــەوێ کچێك هەڵبژێــرم کە لە رِووی رِۆشــنبیرییەوە زۆرتێگەیشــتوو بێــت، بەلای منەوە گرینگ نییە جــوان بێت یا دەوڵەمەند، بەڵام پێویستە لە رِووی ئایینیەوە وەکو خۆمان موســڵمان بێت ئەگەر نوێژ نەکات و بەرِۆژیش نەبێت کێشە نییە.

## دەمەوێ ئاستی رِۆشنبیری وەکو خۆم بێت

مەهاباد بەختیار کچێکی تەمەن ١٨ ســاڵە قوتابی پە یما نــگا ی هونەرەجوانەکانــە، ئەو جوانیــی و ئایین و و دەوڵەمەندی بەلاوە گرینگ نییە و دەڵێت» ئەو کەســەی دەبێتە هاوسەری ژیانم تەنیا دەمەوێ کورِێکی تێگەیشــتوو بێت، لە بواری هونەرەوە رِێگا لــە کارکردنم نەگرێت. ئەو کچە دەڵێت» هەوڵدەدەم ئــەو کورِەی شــووی پێدەکەم وەکو خۆم لە بواری هونەری کاربکات و برِوانامەی لە بواری هونەرەوە هەبێت، بۆ ئەوەی ئاســتی تێگەیشتن و رِۆشنبیرمان وەکو یەك بێت»

لانــە حەمید دەروێــش کە ئێســتا ژیانی هاوســەرگیری لەگەڵ کورِێکــی هاوتەمەنی خــۆی پێکهێناوە، دەڵێت»ســەرەتا تەنیا حەزم دەکرد شوو بەکەسێکی دەوڵەمەند بکەم تەنانەت ئەگەر تەمەنیشــی زۆر گەورە بوایە بەلامەوە گرنگ نەبوو، بەڵام ئێستا کە شووم بەکەسێکی هاوتەمەنی خۆم کردوە تێگەیشتم کە کچ و کورِ دەبێ لە تەمەنیشــدا لە یــەك نزیك بن و تەنیا لەســەر بنەمای لێکەگەیشــتن لەژیان، خێزان دروست بکەن.

## مامۆستای ئایینی لەمبارەوە چ دەڵێت

بە گوێرەی شەرعی ئیسلام بە هیچ جۆرێك دروســت نییە ئافرەتی موسڵمان شوو بە پیاوی مەســیحی یان جوولەکە بکات یا پەیرِەوی هەر ئاینێکــی تر بێت، هیچ پیاوێك نابێت ئافرەتێك لەخــۆی مارەبکات کە (اهــل الکتاب) نییە، واتــە خاوەن هیچ پەرِتوکێك نییە، بەڵام کورِی موسڵمان بۆی هەیە کچێکی مەسیحی بخوازێت واتە (اهل الکتاب) بێت.

مــەلا عەبدولرەزاق وتارخوێن و پێش نوێژی مزگەوتــی رِووناکــی دەڵێت» رِاســتە لێك تێگەیشــتن لە پێکهێنانی ژیانی هاوســەری گرینگە، بەڵام بە گوێرەی ئایینی ئیســلام بە هیچ جۆریك دروســت نییە، ئافرەتی موســڵمان لــە پیاوێك مارە بکرێت کافر بێت واتە خاوەن پەرتووك نەبێت هەروەها ئافرەتیشیان لێ مەهێنن «

مەلاعەبدولــرەزاق دەڵێت» خــوای گەورە دەفەرموێت بەهیچ جۆرێك ئافرەتی موسڵمان لە پیاوی خاوەن پەرتووکی تر مارە مەکەن تا دەبێتە موســڵمان، بەڵام دەکرێت ئافرەتێکی مەسیحی شــوو بە کورِێکی موسڵمان بکات و ئاینەکەی خۆشی نەگۆرِێت»

## کۆمەڵگا ئەو بوارەی نەرِەخساندوە

بەهزاد محەمەد توێژەری کۆمەڵایەتی پێیوایە تاوەکو ئێســتا لە کۆمەڵگای ئێمەدا کورِو کچ بەر لە پێکهێنانی هاوســەرگیری باردۆخێکی وایان بۆ نەرِەخســاوە تا بتوانن لە یەکتر بگەن و یــا خۆیان ئەو هەلەیان وەگیر نەکەوتووە. ئەو توێژەرە دەڵێت» بەداخەوە ئێستا دەبینم، گەنجان کۆمەڵێــك پێوەریان لەژیاندا بــەلاوە گرینگترە لەوەی کەژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێك پێك بهێنن کە لەســەر بناغەی خۆشەویستی و لێك تێگەیشتن پێك هاتبێ. «

## پێویستە بەر لە هەموو بنەمایەك لێك تێگەیشتن هەبێت

توێژەری دەروونی (د.یوسف عوسمان حەمە خۆشــناو) دەڵێت» کچ و کورِ لەناو کۆمەڵگا تەواوکەری یەکتــرن کە خێزان پێــك دەهێنن، ئەویش تەنیا لەســەر بنەمای خۆشەویســتی دروســت دەبێت کە دەتوانرێت لەســەر کێشەکان زاڵ بێــت. بۆیە پێویســتە هەر گەنجێك کە بە نیازی پێکهێنانی ژیانی هاوسەگیرییە سەرەتا هەوڵبدات لە رِەگەزەکەی بەرامبەری تێبگات بــە تایبەتی لە بــواری دەروونییەوە ئەگەر لە نێوان کورِێك و کچێك لێکتێگەیشتن هەبوو، ئەوە دەتوانن بەسەر هەموو تەوەرەکانی ژیانیاندا زاڵ بن، بۆیە پێویستە لەئەنجامی پێکهێنانی ژیانی هاوســەرگیری ســەرەتا لە هەموو رِوویەکەوە لێکتێگەیشتن هەبێت.

# ژنێک سکاڵای لە شووبراکەی هەیە



لە یەکێك لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر پیاوێك هێرش دەکاتە سەر براژنەکەی خۆی و لێیدەدات ئەویش بۆ بەرگری کردن لە خۆی سکاڵایەکی لە دژی تۆمار دەکات و بە لێدان تاوانباری دەکات.

بەپێی ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر ڕۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی ٢٠١١/٧/٤ ئافرەتێك بە ناوی (ش،ع،م) لە بنکەی پۆلیسی باداوە سکاڵا تۆمار دەکات دژی شووبراکەی بەناوی (ف،س) بەپێی وتەکانی (ش،ع،م) ئەوەی هێرشی کردۆتە سەری و لێیداوە.

دادوەریش بڕیاری دەسگیرکردنی تاوانباریدا.



# ئافرەتێک هەڕەشەی لێدەکرێت

بە گوێرەی ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر لە شارۆچکەی عەینکاوە ئافرەتێك بەناوی (ن،ع) هەڕەشەی جیاجیای لێدەکرێت لەلایەن کەسێکی نەناسراوە، ئەویش لە پۆلیس سکاڵا دژی بەرز دەکاتەوە

ئافرەتەکە کە ناوی (ع) ژنی ماڵە ئەو پیاوە ناناسێت کە هەڕەشەی لێدەکات تا ئێستا نەیبینیوە هیچ جۆرە پێوەندییەك لە نێوانیاندا نەبووە، هەروەها هیچ کێشەی کەسیشی لەگەڵ کەس نییە بۆ ئەوەی گومانی لێبکات کە هەڕەشەی لێدەکات.

دادوەریش لەلایەن خۆیەوە بڕیاریداوە بە گوێرەی مادەی ٤٣٢ تاوانباری نادیار ئامادەی دادگا بێت.



# د هەیڤەکێ دا ٢٩ خانی و ٧ کارگەهـ ل دهۆکێ تێن سۆتن

ب سەدەما ئاگری و ل چەند سالێن بوریدا ڕوویدانێن سۆتنێ برەنگەکێ بەر بچاڤ زێدە بوونە لە پارێزگەها دهۆکێ،لەورا د هەیاما مەها بۆری دە ٢١٣ ڕووادنێن ئاگری ل پارێزگەها دهۆکێ پەیدا بووینە، د ڤان ڕویدانان دا هەشت وەلاتی بریندارببووینە و کەسەکێ ژی گیانێ خۆ ژ دەست دایە.

سەبارەت ب ڤان ڕوویدانان عەقید سلێمان عزەددین، ڕێڤەبەرێ بەرگریا شارستانی ل دهۆکێ بۆ گوڵان ڕاگەهاند، ئەڤ ڕویدانە بووینە ئەگەرێ سۆتنا ملیارەك و ٢٧٤ مليون دیناران کو زیان ب وەلاتیان کەفتیە، بڤی ڕەنگی ١٠ ترومبێل و ١١٦ بیستان و پانزینخانەك و ٢٩ خانی و ٧ کارگەه و ٤ دارستان و ٥ ماولیدە و ٢ کۆمپانی ل مەها شەش سۆتینە.

ل دۆر ئەگەرێن پەیدا بونا ڤان رویدانان ناڤبری گۆت: ٣٤ رویدانێن ئاگری ب سەدەما شۆرتێن کارەبێ و ٩ ب قوپکێن جگارێ و ١٧ رویدان ژی ب دەست هاتیە هەلکرن.

# ٣٥ وەلاتیان ب ڕوودانێن ترومـ

**گوڵان- دهۆك/ محەمەد عەبدولعەزیز:**

ڕووریدانێن هاتن و چوونێ ئێکن ژ ئەگەرێن گیان ژ دەستدان و بریندار بوونا ب سەدان وەڵاتیان ل سەرتاسەرێ کوردستانێ و ساڵانە بەر ب زورێی دچن .

نەقیبێ مافپەروەر ئازاد تاها عەبدولجەلیل، بەرپرسێ ڕاگەهاندنا ڕێڤەبەریا پۆلیسێن هاتن و چوونا دهۆکێ ل دوور ئامارێن شەش مەهێن بوری دیار کر، د ماوەیێ دیارکری دا ١٣٣٤٨ ترومبێلێن گشتی ل دهۆکێ هاتینە تومارکرن، ٨٢٧٩ ژ وی سەرجەمی ترومبێلێن تایبەتن، ٤١٠٣ ترومبێلێن بارهەلگر و ٧٧١ ژی ترومبێلێن تەکسی بوون و گۆت: (د دەمێ شەش هەیڤان دا ٣١٦٧ وەلاتیان دەستوورێن ترومبێلێ یێن تایبەت وەرگرتینە، ٣٣٤٦ کەسان دەستوورێن گشتی و ١٢ کێم ئەندامان و ٢٤ کەسان دەستووریا ماتورسکلی





# تاوانەکانی مۆبایل بەردەوامن

رۆژانە تاوانەکانی مۆبایل لە زیادبووندان و سەرەڕای ئەو یاسایانە کە تا ئێستا دەرچوون بۆ رێگە گرتن لەم تاوانانەو ئەو سزایانەی بۆ دانراون کەچی کەسانێك بەردەوامن لە بێزار کردنی خەڵك بە مۆبایل.

بەپێی راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر گەنجێك بە ناوی (هـ،م) لە رێکەوتی ٢٠١١/٧/٤ سکاڵای تۆمار کردووە لە دژی ژمارەی مۆبایلی ٠٧٥٠١٩٣٠٦٥٦ لەبەر ئەوەی قسەی ناشرینی پێوتووەو بە نامەو بە تەلەفۆن بێزاری دەکات و سوکایەتی پێدەکات.

دادوەر نووسراوێك ئاڕاستەی کۆمپانیای کۆرەك تیلکۆم دەکات بەمەبەستی پێدانی زانیاری دەربارەی خاوەن ژمارەی مۆبایلەکە بۆ ئەوەی لە رێگای یاساوە مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسە بکرێت بە سزای خۆی بگات.



# دایکێ کورێ خۆ چوار هەیڤان زیندانکر

ب گونەها وێ چەندێ کو کورەکی ب ناڤێ (ح) چەندین جاران رابوو ب قوتانا دایك و خوشکێن خۆ، دایکەك کورێ خۆ چوار مەهان زیندان دکەت پاشی دکەتە گری دبێژیتە دادگەهێ ئەز ل کورێ خۆ دبوورم و هیڤی یە دادگەه ژی لێ ببوورین چونکو یێ ل خۆ زڤری و یێ پەشیمانە.

ئەڤ کێشە ل سەنتەرێ قەزا دهۆکێ روودایە، گەنجەکێ تەمەن ٢٣ سالی رۆژانە توندی دگەل خێزانا خۆ ب کاردئینا، و هەردەمێ بابێ وی ژ مال دەرکەفت بایە دا دایکا خۆ و هەردو خوشکێن خۆ قوتیت و کا چەند پارە ڤێ بانە دا ژێ وەرگریت و چیت قومارێ پێ کەت، هەتا رۆژەکێ گەهشتیە وی رادەی کو دایکا وان و هەردو خووشك قەستا بنگەهێ پۆلیسان بکەن و سکالایەکێ دژی وی توماربکەن، پشتی سکالا ل سەر دهێتە تومارکرن ئێکسەر ژ ئالیێ پۆلیسان ڤە دهێتە دەستەسەر کرن و رەوانەکرن بۆ چاکسازیا مەزنان ل دهۆکێ و دهێتە زیندانکرن.

ل داویێ دادگەها تاوانان بریار دا تاوانبار ب چوار هەیڤان بهێتە زیندانکرن، لێ ژ بەر کو ئەو چوار هەیڤ بوو د زیندانێ دا، هاتە بەردان و چوو د ناڤ خێزانا خۆ دا.

# ـــــــبێلان گیانێ خۆ ژ دەست دایە



وەرگرتینە).

ئاشکرا کر کو روودانێن هاتن و چوونێ پتر ل سەر رێیێن دەرڤە ب تایبەت ل سەر رێیا باعەدرێ و شێخان پەیدا دبن، چونکو ئەو جاددە یا ئێك سایدیی یە و ترومبێل بزاڤا وێ یەکێ دکەن کو بەریکا ئێك دو راکەن و گۆت: د شەش هەیڤێن ئەڤ سالە دا ٣١٨ روودانێن جۆراوجۆر پەیدا بووینە و تێدا ٣٥ کەسان گیانێ خۆ ژ دەست دایە و ٣٤٤ وەلاتی ژی برینداربووینە.

ئاماژی دا وێ چەندێ ژی کو بریارا نەمانا جامێن رەش ژ سەرۆکاتییێ دەرکەفتیە و وان گەلەك مەفرەزە بو نەمانا وان دانابوون و هەموو شوفێر بۆ راکرنا جام رەشان هاتینە ئاگەهدارکرن و یێ نەراکەت دێ هێتە سزادان و گۆت: (٧٥٪ێ کونترولەکا باش ل سەر هاتیە کرن و ل دەمەکێ نێزیك چو ترومبێل نامینن).



# قوتابیەک مامۆستاکەی بە سووکایەتی کردن تاوانبار دەکات

قوتابیەکی کولێژی بەڕێوەبردن و ئابووری مامۆستایەکی خۆی بە سووکایەتی کردن و ئیهانە کردن تاوانبار دەکات و وەك کاردانەوەیەکیش سکاڵا لە دژی تۆمار دەکات.

رۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/٧/٤ قوتابیەکی کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری بەناوی (ێ،م) لە دایکبووی ١٩٨٤ ە سکاڵا دژی مامۆستایەکی خۆی بە ناوی (س،ك) بەرز دەکاتەوە گوایە سووکایەتی پێکردووە و فەصلی کردووە لە کۆلێژ.

بەگوێرەی ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر دادەور بڕیاری داوە کە تاوانبار ئامادە بێت بەپێی مادەی ٤٣٣.